https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.20

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# شیعریەتی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا

م. سەنگەر نازم حوسێن پ. ی. د.ڕێزان ساڵح مەولود

بەشی کوردی/کۆلێژی پەروەردە/زانکۆی کۆیە/کوردستان/عێراق

Sangar.nadhim@koyauniversity.org

Rezan.saleh@koyauniversity.org

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (شیعریەتی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا)ە، هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ نیشاندانی شێواز و دەرکەوتە و میکانیزمی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکی کوردی-کرمانجی ناوەڕاستدا بە ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵ و گرنگی شیعریەتی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا. گرنگییەکەشی لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە بۆ یەکەم جارە بە شێوازێکی ئەکادیمیانە کار لەسەر بابەتێکی لەم چەشنە بکرێت لە بواری کورتیلەچیرۆکی کوردی و ئامانجیش لێی ئاوەڵاکردنی کلاورۆژنەیەکی تازەیە بەسەر کورتیلەچیرۆکی کوردی لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە میتۆد و ڕێبازە ڕەخنەییە هاوچەرخەکان.

وشە کلیلییەکان: (دەقئاوێزان ،شیعریەتی دەقئاوێزان، کورتیلەچیرۆک، ئەدەبی کوردی)

## شیعریەتی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا

### پێشەکی:

دەقئاوێزان وەکو لایەنێکی ڕەخنەیی لەم چەند ساڵەی دواییدا گرنگییەکی زۆری لەناو ڕەخنە و ئەدەبی وڵاتان پەیداکردووە و لای ئێمەش لە دەسپێکی هەزارەی سێیەمدا هاتۆتە ناو توێژینەوەکان و لە ئەمڕۆدا وەکو یەکێک لەو بابەتە ڕەخنەییانە سەیریدەکرێت، کە لە برەو و هەڕمێندایە و هاتۆتە ناو ناوەندە ئەکادیمییەکان.

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (شیعریەتی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا)ە، کە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و دوو تەوەرەی سەرەکی و لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامە خراوەتەڕوو، کە لە دووتوێی باسەکەدا پێیگەیشتووین.

لە تەوەرەی یەکەمدا کە لایەنی تیۆرییە بە شێوەیەکی گشتی باس لە دەقئاوێزان کراوە، هەرچی تەوەرەی دووەمە، کە بڕبڕی پشتی باسەکەیە بە وردی باس لە شیعریەتی دەقئاوێزان کراوە و لەناو کورتیلەچیرۆکی کوردی نموونەی بۆ هێنراوەتەوە بە تایبەت لەو ڕوانگەیەی، کە دەقئاوێزان تەکنیکێکی کاریگەرە لە پرۆسەی خوڵقاندنی شیعریەتی کورتەچیرۆکدا، جگە لەمەش باس لەو شێواز و میکانیزمانە کراوە، کە ڕۆڵیان لە پرۆسەی شیعریەتی دەقئاوێزان گێڕاوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری بەستراوە.

**سنووری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی کورتیلەچیرۆکی کوردیی زاری کرمانجی ناوەڕاستدایە و زۆرتریش

نموونەی ئەو چیرۆکنووسانە وەرگیراوە، کە چیرۆکەکانیان لەدوای ڕووخانی ڕژێم بڵاوکردۆتەوە.

**گرنگیی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، کە بۆ یەکەمین جارە بە شێوەیەکی پراکتیکی کار لەسەر شیعریەتی دەقئاوێزان دەکرێت لە کورتیلەچیرۆکدا. توێژینەوەکانی پێشووتر زیاتر شیعر و ڕۆمانیان کردۆتە سەنتەر و کاریان لەسەر کردووە.

**ئامانجی توێژینەوە:** بە گشتی نیشاندانی شێوە و ڕاددەی شیعریەتی دەقئاوێزانە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا. بە دەربڕینێکی دیکە دەرخستنی توانای نووسەرانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستە لە پرۆسەی بنیادنانی دەقی کورتیلەچیرۆک و سوودوەرگرتنیانە لە دەقئاوێزان بۆ زێدەترکردنی شیعریەتی دەقەکەکانیان.

## دەقئاوێزان، شیعریەت، ناساندنێکی گشتی:

### یەکەم: دەقئاوێزان

یەکێک لەو ئامرازە گرنگانەی، کە ئەدەب بە گشتی و کورتیلەچیرۆک بە تایبەتی بۆ بنیادەکەی پشتی پێدەبەستێت دەقئاوێزانە.

دەقئاوێزان لە سادەترین ناساندنیدا بریتییە لە پرۆسەی سوودوەرگرتن لە دەقە ئەدەبییەکانی پێشینان بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقی نوێ و لایەنێکە، کە هەر لە کۆنەوە ئەدەب نەیتوانیوە خۆی لێ دوورەپەرێز بگرێت و بەبێ ئاوڕدانەوە لە دەقە ئەدەبی و هونەرییەکانی پێشوو ئەستەمە دەقێکی ئەدەبیی جوان و هونەری بەرهەمبێت.

بیرۆکەی دەقئاوێزان، وەکو بابەتێکی ڕەخنەیی، کە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم لەلایەن کریستیڤا و لایەنگرانی گۆڤاری (تێل

کێڵ)ەوە پەرەیپێدرا تەواوی ئەو ئەفسانەی ڕەتکردەوە، کە دەیانگوت دەقی ئەدەبی. پیرۆزی خۆی هەیە، هەروەک هێرشێکی ناڕاستەوخۆش بوو بۆ دیدی بونیادگەرەکان، کە دەیانگوت دەق خاوەن بونیادێکی سەربەخۆیە و پێویستە ڕەخنەگر لێکۆڵینەوە لە ناوەوەی ئەو بونیادە بکات و نەچێتە دەرەوە. بە پێچەوانەوە، لایەنگرانی ئەم شەپۆلە ڕەخنەییە ئەوەیان سەلماند، کە دەق پێوەندییەکی گرێدراو و تۆکمەی لەگەڵ دەقەکانی دەرەوەی خۆی هەیە و لە شیکردنەوەیدا پێویستە گرنگی بەو پێکهاتە دەرەکییانە بدرێت، کە دەقەکە بۆی گەڕاوەتەوە و سوودی لێوەرگرتووە. (بۆ پتر زانیاری لەبارەی پێناسەی دەق و دەقناسی بگەڕێوە بۆ: کریستفا،جولیا (۱۹۹۷) علم النص،ترجمە فرید الزاهی، طبعة۲، لاپەڕە(۸-۲۰)

(تۆدۆرۆڤ) کە یەکێکە لە ڕەخنەگر و تیۆریستانی گۆڤاری تێل کێڵ لەبارەی دەقەوە دەڵێت:" گشت دەقێک بریتییە لە ئاوێتەبوونێکی دەقێتی." (تودورف، ١٩٨٦: ٩٤) ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە هیچ دەقێک بەدەر نییە لە کاریگەری و سوودوەرگرتن لە دەقەکانی پێش خۆی، بە واتایەکی دیکە دەقی ئەدەبی لە بۆشاییدا بەرهەمنایەت، بەڵکو لە ژینگەیەک بەرهەمدێت، کە نووسەرەکەی لەڕێی دەق و بەرهەمی دیکەوە ئاسۆی هزری و کلتووری خۆی فراوانکردووە، ئینجا توانیویەتی ئەم بەرهەمە بخوڵقێنێت و سوودوەرگرتن و کاریگەربوونێکی لەم چەشنەش، بە پێچەوانەی پێشووتر، کە بە کێماسی و جۆرە دزیکردنیکی ئەدەبی هەژماردەکرا. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە ئەگەر بۆ پتەوکردن و تۆکمەکردنی دەقەکەی بووبێت ئەوا بە کەموکوڕی دانانرێت، بگرە وەکو لایەنێکی چاکەی دەقەکەش سەیریدەکرێت.

(لیچ) لەبارەی دەقەوە دەڵێت:" دەق خودێکی سەربەخۆی نییە، هەروەها ماددەیەکی یەکتا (موحد)ش نییە، بەڵکو زنجیرەیەک پێوەندییە لەگەڵ دەقەکانی دیکە، درەختی ڕەچەڵەکی دەق تۆڕێکی ناتەواوە لە پارچە

وەرگیراوە هەستی و نەستییەکان."(عزام،٢٠٠١: ٢١) لەم ڕوانگەیەوە دەقی ئەدەبی بوونەوەرێک نییە، تەنیا لەسەر خودی خۆی بژیت، بەڵکو لە ڕێگەی وەرگرتن و گوێزانەوەی بەشێک لە کەرەسەکانی دەقەکانی دیکەوە خۆی بونیاددەنێت و هەوڵی ئەوە دەدات لەو ڕێگەیەوە دەستی بە جۆرێک لە داهێنان ڕابگات.

"گشت دەقێک مۆزائیکێکە لە دەقەکانی دیکە و بە تەکنیکگەلێکی جۆراوجۆر تێیدا ئاوێتەکراون، یا پێیەوە لکێنراون."(مفتاح،١٩٨٥: ٢١) لەم ڕوانگەیەشەوە دەقی ئەدەبی وەکو تابلۆیەک خۆی دەنوێنێت، کە جۆرەها ڕەنگی تێدا بەکارهاتووە و ڕەنگەکان دەقگەلی دیکەن و تێیدا توێنراونەتەوە و تابلۆکەش دەقە سەرەکییەکەیە، کەواتە دەق بۆ ئەوەی خۆی بنیادبنێت پێویستی بە کەرەسەی دیکە دەبێت و ئەو کەرەسانەش دەقەکانی دیکەن و دەبن بە خۆراک بۆ دەقە نوێکە و هێز و گڕوتینی پێدەدەن.

دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە لاپەڕەیەکی سپی نییە، بەڵکو وەکو لاپەڕەیەک وایە، کە چەندین دەقی لەسەر نووسراوەتەوە و هەریەکەیان بەپێی گرنگیی خۆیان ئامادەییان تێدا هەیە و تێیدا ئاخنراون، ئەمەش بەپێی باڵادەستیی نووسەر دەگۆڕیت، هەروەها ئەو میکانیزمەش ڕۆڵی هەیە، کە نووسەر پشتی پێبەستووە بۆ سوودوەرگرتن لە دەقەکانی دیکە.

"دەقئاوێزان کردەیەکی مەعریفییە ژیان بەبەر دەقە کۆنەکان دەکات."(الیاس،٢٠١٠: ١٦٦) و وا لە دەقی ئەدەبی دەکات، کە سەر بەناو کون و کەلەبەری دەقەکانی پێش خۆی دابگرێت و ئەو داهێنان و ئیستاتیکا و تەکنیک و واتایانە ببینێت، کە دەقەکان لەخۆیانگرتووە و هەوڵبدا بەپێی پێویستیی خۆی سوودیان لێوەربگرێت و بە شێواز و تەکنیکێکی دیکە دایانبڕێژێتەوە و لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەش ئەدەب

ڕزگاری دەبێت لە جوینەوە و خۆدووبارەکردنەوە، چونکە ئەگەر بە چاوێکی درشت لە ئەدەب بڕوانین، ئەوا بابەت نەماوە باسنەکرابێت، ئەوەی هەیە و نوێگەری و داهێنان نیشاندەدات چۆنیەتیی داڕشتنەوە و نیشاندانەوەی ئەم بابەتانەیە، کە لەمەشدا دەقئاوێزان گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و پشکی شێری بەردەکەوێت، هەر بۆیە نووسەری سەرکەوتوو و بلیمەت ئەو نووسەرە نییە، کە خۆپارێزی بکات لە سوودەوەرگرتن لە مەعریفەی دەقەکانی پێش خۆی و هەوڵبدات جۆرە پاکژییەک بۆ دەقەکەی فەراهەمبکات. بە پێچەوانەوە، هەمیشە ڕێگەی پێدراوە بەنێو دەقەکان گوزەر بکات و هەوای ئەو دەقانە هەڵمژێت و لە دەقەکەی خۆیدا بیانتوێنێتەوە.

ئەگەر دەقی ئەدەبی بە ماسییەک بچوێنین، ئەوا دەقئاوێزان دەریای ئەو ماسییەیە و دەق بە دوورکەوتنەوە لەو دەریایە بڕیاری مەرگی خۆی دەردەکات، چونکە بە دابڕانی دەقەکان لەو ژینگە گونجاوەی، کە تێیدان هەنگاو دەنێین بەرەو کوشتنی ئەو دەقانە و مراندنیان، چونکە لەڕێی ئەو دەریایەوە دەقەکە دەتوانێت زۆرینەی پێداویستییەکانی خۆی دابینبکات و بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدا و تاڕاددەیەکی زۆریش نەمری بەدەستبهێنێت.

**دووەم: شیعریەت:**

سادەترین و ڕوونترین ناساندن بۆ شیعریەت دەشێت ئەوە بێت، کە"شیعریەت بریتییە لە ڕێساکانی گوتاری ئەدەبی."(عثمان،٢٠١٦: ٦).

گومان لەوەدا نییە  بەرهەمی ئەدەبی بۆ ئەوەی وەکو ئەدەب خۆی نیشانبدات پێویستی بەوە هەیە سوود لە کۆمەڵێک کەرەسە و پێکهاتەی تایبەت وەربگرێت، تاوەکو لانیکەم خۆی لە بەرهەمی لقە مەعریفییەکانی دیکە جیابکاتەوە و لەم پێناوەشدا جۆرێک لە سەربەخۆیی بەدەستدەهێنێت

و لەڕێگەیەوە ناسنامەی خۆی دیاریدەکات. بە دەربڕینێکی دیکە، دەقی ئەدەبی بۆ ئەوەی ببێت بە دەقی ئەدەبی پێویستی بە شێوازێک هەیە و ئەو شێوازەش شیعریەتە و (یاکۆبسن) زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە، کە" بابەتی ئەدەبناسی خودی ئەدەب نییە، بەڵکو ئەدەبیەتە، یاخود ئەوەیە، کە وادەکات بەرهەمێکی ئەدەبی ببێتە ئەدەبی و ئەوەش ڕێگەمان پێدەدات بە جیاکردنەوەی ئەوەی ئەدەبییە لەوەی، کە نائەدەبییە". (یاکوبسون، ١٩٨٨: ٢٧)

شیعریەت شارێیەکە لە ڕێگەیەوە بەرهەمی ئەدەبی ناسنامە ئەدەبییەکەی وەردەگرێت و ئامێری تواندنەوە و لێکدانی ئەو ڕەگەز و کەرەسانەیە، کە نووسەر بۆ بونیادی دەقەکەی وەریگرتوون، واتە لەڕێی شیعریەتەوە کەرەسە خاوەکان بە پڕۆسەیەکی پیشەسازیدا دەڕۆن و شێوە و سروشتە بنەڕەتییەکەیان دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەیەکی نوێ، کە جیاوازە لە خۆیان و دەشێت بڵێین هەروەک چۆن تێکڕای پیشەکان پێویستییان بە شارەزایی و کارامەیی هەیە تاوەکو ئەوە بکەن، کە خەڵک پەسەندیدەکات و لە ئەدەبیشدا ئەو کارامەیی و شارەزاییەیە، کە شیعریەت دەخولقێنێت و دەقی ئەدەبی دەکات بەو بەرهەمەی، کە خوێنەر و خەڵک پەسەندیدەکەن.

(تۆدۆرۆڤ) دەڵێت:"شیعریەت خەسڵەتە جۆرییەکانی گوتاری ئەدەبییە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕووت و پەتییە، کە تاکایەتی دیاردەی ئەدەبی، یا ئەدەبیەت دەخولقێنن". (تودوروف،١٩٩٠: ٢٣) ئەدەب لەڕێی ئەو گۆڕانکارییانەی لەڕێی زمانەوە دەکرێن خۆی لە وتار و قسەی ئاسایی دەدزێتەوە و دەبێتە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و بەهۆیەوە دەچێتە ناو بازنەیەکی دیکەوە و ئەو بازنەیەش پێیدەوترێت شیعریەت. بەو واتایە شیعریەت ئەو هێڵەیە، کە نووسەر لە ڕێگەیەوە هێلێک بەدەوری بەرهەمی

ئەدەبیدا دەکێشێت و دروستکردنی ئەو هێڵەش لە بۆشاییەوە بەدینایەت، بەڵکو لەڕێی گۆڕانکاری و وەرگرتنەوە دەبێت.

شیعریەتی دەقی ئەدەبی لەڕێی کارکردن لەناو زمانەوە دێتەکایەوە و مەبەستیش لە زمان ئەو زمانە ئاساییەیە، کە نووسەر لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا قسەی پێدەکات و بەبێ بوونی زمانێکی پێشوەختەی وەها هیچ جۆرە شیعریەتێک دروستنابێت، چونکە ئەو شتەی نووسەر دروستیدەکات، کە دەقی ئەدەبییە بە تەواوەتی هەموو بەستەر و پێوەندییەکانی لەگەڵ زمانی ئاساییدا نەپچڕاندووە، ئەگەر وابوایە ئەوا پرۆسەی تێگەیشتن نەدەهاتەکایەوە، بۆیە نووسەر هەرچەندە هەوڵبدات شیعریەتێکی باڵا بخوڵقێنێت دیسان ناتوانێت بە تەواوەتی دەستبەرداری زمان بێت و شتێک لە سفرەوە دروستبکات.

نووسەر هەوڵدەدات زمانی ئاسایی بگۆڕێت بۆ زمانێکی جیاواز، واتە لەناو ئەو زمانەدا زمانێکی دیکە دروستدەکات و کەرەسە فەرهەنگی و ڕێزمانییەکانی زمانی ئاسایی وەکو پارچەکانی میکانۆ وان لەبەر دەستی نووسەران، هەر نووسەرێک بەپێی کارامەیی خۆی و ئەو ویستەی، کە هەیەتی دێت ئەو پارچانە لێکدەبەستێتەوە و شتێکی نوێی لێ دروستدەکات و ئەو شتەش لە هەناوی خۆیدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەڵگرتووە و ئەو تایبەتمەندییانەش هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەو دوو زمانەن.

### ١.٢: شیعریەتی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا

مەبەست لە شیعریەتی دەقئاوێزان ئەوەیە، کە نووسەر دەقئاوێزان وەکو کەرەسە و ئامرازێک لەپێناو زێدەکردنی واتا و کورتبڕیی دەقەکەی بەکاردەهێنێت و ئەم پرۆسەیەش وادەکات دەقەکە ببێتە خاوەن شیعریەتێکی زێدەتر. بە دەربڕینێکی دیکە، دەقئاوێزان دەبێتە ئامرازێکی

کاریگەر بۆ دروستبوونی بونیادی دەقەکە و چەسپاندنی ناسنامە ئەدەبییەکەی.

ئەگەر چاو لە قەوارەی کورتیلەچیرۆک بکرێت، ئەوا بەراورد بە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە سوودمەندە لە کورتکردنەوە و چڕکردنەوەیەکی[1] لەڕاددەبەدەر، لەبەر ئەم هۆیەش، ئەگەر دەقئاوێزان لە ژانرەکانی دیکەدا لایەنێک بێت بۆ بەپیتکردنی دەقەکە، ئەوا لە کورتیلەچیرۆکدا گرنگییەکی زیاتر دەبێت، چونکە لێرەدا دەقئاوێزان دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ چڕکردنەوە و بەخشینی دەلالەتی زۆر بە دەقەکە، ئەمەش وادەکات، کە پلە ئەدەبییەکەی بالآتر بێت.

شیعریەت لە کورتیلەچیرۆکدا گرێدراوە بە دەقئاوێزانەوە، چونکە "دەقئاوێزان لایەنێکی چڕکردنەوەی دەقە، یارمەتیدەرە لە چڕکردنەوە و پێدانی پیت و فەڕ و ئیحایەکی زۆر بە دەق، بە بەبێ دەقئاوێزان ئەم جۆرە پیت و فەڕەی دەستناکەوێت". (الحسین،٢٠١٠: ٦٠-٦١)

دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکدا پەیوەستدەبێت بە چڕکردنەوە، واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان نووسەر بۆ چڕکردنەوەی زیاتری دەقەکەی و

---

[1]. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی شیعرییەت لە کورتیلەچیرۆکدا چڕکردنەوەیە و بەبێ بوونی چڕکردنەوە ئەستەمە کورتیلەچیرۆک بەدیبێت و چڕکردنەوە وەکو موگناتیسێک وایە، کە هەموو شتەکانی دیکە بۆ لای خۆی کێشدەکات و بەلای هەندێکەوە "شیعرییەتی کورتیلەچیرۆک لە چڕکردنەوە، یا چڕکردنەوە زمانییەکەیدا خۆی حەشارداوە و بەبێ ئەم خاسیەتە ئەستەمە بناسرێتەوە و پێناسەبکرێت." (المنا×رە،٢٠١٥: ٩٧). هەندێک ڕەخنەگر لەوەش سەرتر دەڕۆن کاتێک بوون و ناسنامەی کورتیلەچیرۆک بە چڕکردنەوە دەبەستەنەوە و دەڵێن:" چڕکردنەوەی (زمان و ڕووداو — پێکەوە –) ئەو تایبەتمەندییەیە، کە کورتیلەچیرۆکی پێ لە جۆرە چیرۆکییەکانی دیکە جیادەکرێتەوە." (عجاج،٢٠٢٠: ١١). شیعرییەتی چڕکردنەوە لە کورتیلەچیرۆکدا بەپێی چەند ئامرازێک بەدیدێت، یاخود دەتوانین بڵێین لەسەر چەند شێوەیەک خۆی دەنوێنێت و بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەکارهێنانەی، کە یارمەتی چیرۆکنووس دەدەن لە چڕکردنەوەی ڕووداو و بابەت "بریتین لە ڕەمز و دەقئاوێزان و و لادان (زمانەوانی، فیکری، بابەتی) و خواستن، ئایرۆنی بە جۆرە جیاوازەکانیەوە." (الیاس،٢٠١٠: ١٢٨).

بارکردنی زیاتری مەدلولەکان لەسەر دالەکان پەنای بۆ دەبات و دەقەکە بە ڕووی واتا و مەبەستە دەرکییەکان دەکاتەوە و لەمەشدا مەرامیەتی ئاستی مەعریفە و باکگراوندی کلتووریی خوێنەر تاقیبکاتەوە، هەروەها بە وشە و دەستەواژەیەکی کەم واتا و مەبەستێکی زۆر دەرببڕێت، لەبەرئەمە دەقئاوێزانیش وەکو ئامرازەکانی دیکەی چڕکردنەوەی دەق لایەنێکی دانەبڕاوە لە کورتیلەچیرۆکدا، هەروەک بە یەکێک لە ڕەهەندەکانی سەرکەوتنی نووسەری کورتیلەچیرۆک لە پرۆسەی بە شیعریەتکردنی دەقەکەی دادەنرێت.

دەقئاوێزان لە پرۆسەی شیعریەتدا دوو ڕۆڵدەگێڕێت؛ یەکەمیان، زێدەکردنی چڕکردنەوەی هونەرییە و دووەمیان زێدەکردنی و کراوەنەوەی چیرۆکە بە ڕووی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی جیاواز. بە واتایەکی دیکە لە کورتیلەچیرۆکدا "دەقئاوێزان  دوو دەلالەتی هەیە: دەلالەتی یەکەم، ئەو ئیستاتیکایەیە، کە درەوشانەوە و قووڵی و بەپیتی و کرانەوە بە زۆرێک لە ئەگەر و ڕوانگەکانی کورتیلەچیرۆک دەبەخشێت. دەلالەتی دووەمیش، ئەو باکگراوندە مەعریفییەیە، کە پاڵ بە وەرگرەوە دەنێت بۆ خوێندنەوەیەکی دەقی کۆن و ژیانپێدانی لە ڕێگەی ئەو هاوپەیوەندییانەی لەسەر بەیەکگەیشتن یا هاودژبوون، چڕی یاخود فراوانبوون وەستاوە."(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٠: ١٦٧-١٦٨)

نووسەری کورتیلەچیرۆک لە ڕێگەی دەقئاوێزانەوە دەستی بۆ گەنجینە و ئەنباری زۆرینەی لایەنە مەعریفییەکانی دەرەوەی دەق درێژدەکات و لە توانایدایە بە شێوەیەک وەریانبگرێت و وەکو ئاماژە و تیلنیشانێک بیخاتە ناو دەقەکەی و دەوڵەمەندی بکات. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە پێویستە مامەڵەی نووسەر زۆر هونەرکارییانە بێت، بەو واتایەی نووسەر لە کورتیلەچیرۆکدا تەنیا لە ڕێگەی ئاماژەکردنێکی خێرا و سەرپێیی دەتوانێت دەقەکەی بەرەو ڕووی دەقەکانی دیکە ئاوەڵا بکات

و هەوای دەقەکانی دیکە هەڵمژێت و ناتوانێت وەکو کورتەچیرۆک، یا ڕۆمان زۆرینەی شێواز و جۆرەکانی دەقئاوێزان بەکاربهێنێت و ڕوونیشە ئەمە گرێدراوی پانتایی و ڕووبەری دەقەکەیەتی، کە وایلێدەکات زیاتر پابەندبێت بەو جۆرە بونیادە.

شیعریەتی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکدا پێوەندی بە کۆمەڵێک توخم هەیە و لەپێش هەموویانیش وەکو (ئانا ڕۆدریگز ڕۆمیرۆ) دەڵێت:"گرێدراوە بە توانای گێڕانەوە لە کورتیلەچیرۆکدا." (Nelles,2012:95) ئەمەش بەو واتایە دێت، کە گشت نووسەرێک ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی لە سنووری گێڕانەوەکەی دەربچێت و پەلوپۆ بۆ ڕووداو و بابەتی دیکەی دەرەکی بهاوێژێت، چونکە کارێکی لەم چەشنە دەشێت جۆرێک لە زێدەڕۆیی و درێژدادڕی لێبکەوێتەوە و سەرەنجام دەقەکە بباتە دەرەوەی بازنەی کورتیلەچیرۆک، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەری کارامە و باڵادەست دەتوانێت لە ڕێگەی نیشاندانی شتێکی کەم لە ڕووداو و بابەتێکی گەورە سنووری گێڕانەوەکەی فراوانبکات بەبێ ئەوەی هێڵی گشتیی گێڕانەوەکە تێکبچێت.

هەروەها ئەم جۆرە نووسەرە سوود لە جۆرێک لە هەڵبژاردنی دەقگەلێک وەردەگرێت، کە ناسراوی و نابانگیان زیاترە لە دەقەکانی دیکە، چونکە"یەکێک لە تەکنیکەکانی نووسەرانی مینیمالیست بۆ کورتکردنەوە بریتییە لە سوودوەرگرتن لە گەڕانەوە بۆ چیرۆک و ڕووداوە بەناوبانگ و ناسراوەکانی ناو ئەدەب، کە بەهۆی ئەوەوە خۆیان لە بەکاربردنی ڕوونکردنەوەی ناپێویست و سەربار لادەدەن." (گلیزادە، مودی، طاهری، ١٣٩١: ٩) بۆ نموونە نووسەری کورتیلەچیرۆک لەبری ئەوەی ئاماژە بە داستانێکی گەورەی وەکو ئەلیادە، یا چارەنووسی پاڵەوانەکان بدات، دێت دەستەواژەی (پاژنەی ئەشیل) بەکاردەهێنێت، کە ئەمە لەناو زۆرینەی خوێنەرانی ئەدەب شتێکی ناسراوە و ڕووداوی پشت بەسەرهاتەکە

دەزانن {خاڵی لاوازی ئەشیلی پاڵەوانی ئەلیادەیە، کە لەناو ئەدەبیاتدا زۆر چار دووبارەدەبێتەوە و ڕاستەوخۆ خوێنەر دەزانێت نووسەر سوودی لە داستانەکە وەرگرتووە} یان بە ئاماژەدان بە دەستەواژەیەکی وەک (بەکری مەرگەوەڕ= ڕەمزی خیانەت و دووڕوویيە و لە داستانی مەم و زیندا دەبێتە بەربەست لەبەردەم بەیەکگەیشتنی مەم و زین) خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ کرۆکی داستانێکی کوردی، کە لە نەستی خوێنەری کورددا ئامادەیی هەیە و تەنیا بە بیستنی ئەمە تێدەگات، نووسەر مەبەستی چییە و لەبەرچی ئەو دەستەواژەیەی هێناوەتەوە، یان هێنانی (بەردەکەی سیزیف= ئاماژەیەکە بۆ چیرۆکی کۆڵنەدانی پاڵەوانی یۆنانی سیزیف، کە خوداوەندان سزایدەدەن بەردێکی گەورە بباتە سەر چیایەک، بەڵام هەمووجار، کە دەگاتە نزیک لووتکە بەردەکە غلۆردەبێتەوە و دووبارە دەستدەکاتەوە بە سەرخستنی بەردەکە) کە پشتییەوە چیرۆکێکی زۆر کاریگەر خۆی حەشارداوە.

دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکدا لە زۆرینەی بارەکاندا ڕۆڵی لە پرۆسەی شیعریەتدا هەیە، چونکە چێژ و ئیستاتیکای دەق زیاددەکات و دەقەکە لەبەرچاوی خوێنەردا گەورەتر نیشاندەدات لەوەی، کە هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی، ڕەگەزێکی ڕاکێشەر و خافڵێنەری خوێنەرە و پەرۆشیی خوێنەر بۆ دەقەکە زیاتر دەکات لە ڕێگەی گرێدانی بابەتەکە بە چەند دەلالەتێک (البطاینة،٢٠١١: ٢٢٦). خوێنەر لە ڕێگەی ئەو ئاماژانەی نووسەر بەئەنقەست خزاندۆتیە ناو دەقەکەی چیتر لەو چوارچێوە بەرتەسکە نامێنێتەوە، کە وشە و ڕستەکان دەینوێنن، بەڵکو لەناو هزریدا کۆمەڵێک بابەت دەوروژێن و وایلێدەکەن بچێتە دەرەوەی ئەو دەقە و بەشێک لەو واتایانەی، کە ناتوانێت تەنیا لە ڕێگەی وشە و ڕستەکانی ناو دەقەکەوە درکیانپێبکات لە دەرەوەی دەقەکە بۆیان دەگەڕێت و دەیاندۆزێتەوە. بە واتایەکی دیکە، خوێنەر کاتێک دەگەڕێت و ئەو واتایە دەدۆزێتەوە، کە تەنیا بەشێکی لە کورتیلەچیرۆکەکە دەرخراوە ئەو

بۆشاییە پڕدەکاتەوە، کە نووسەر ئاگایانە بۆ تەواوکردنی لایەنە واتاییە شاراوەکە بە خوێنەری سپاردووە.

"لە کورتیلەچیرۆکدا چیرۆکنووس دەقئاوێزان بەکاردەهێنێت، لەبەرئەوەی ئازادی لە جووڵە، یا گوتەیەکی بۆ دەستەبەردەکات، کە بەبێ چوونەدەرەوە لە دەق فەراهەمنابن." (الیاس،٢٠١٠: ١٦٦) ئەم جۆرە ئازادییەش، کە نووسەر لە ڕێگەی دەقئاوێزانەوە بە خوێنەری دەبەخشێت خوێنەر دەکاتە خوێنەرێکی کارا و بزۆک، چونکە وایلێدەکات لە هەڵهێنجانی واتا و دەلالەتە شاراوەکانی دیکەی دەقەکەدا تەنیا پشت بە نووسەر نەبەستێت و نەبێتە خوێنەرێکی مشەخۆر، بە پێچەوانەوە، بەشێک لە دۆزینەوەی واتاکەی دەکەوێتە ئەستۆ و مێشکی دەخاتەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەو بەشە ونەی، کە لە چیرۆکەدا تەنیا ئاماژەی پێکراوە بەمەش ئاسۆی مێشکی فراوانتر دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی لەو نموونانەی، کە لە بەردەستماندا هەن نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە کانگا و سەرچاوەی وەک (ئاین، فۆلکلۆر، ئەدەبی بیانی...) و بە پشتبەستن بە یاساکانی (جوینەوە، هەڵمژین، گفتوگۆ) و میکانیزمەکانی (فراوانکردن، کشاندن، کورتکردنەوە) دەقەکانیان ئاوێتەی دەقی دیکە بکەن تا لەو ڕێگەیەوە شیعریەت بۆ کۆرتیلەچیرۆکەکانیان دەستبەربکەن.

لە کورتیلەچیرۆکی (تەلیسم)ی (سابیر ڕەشید)دا دەقەکە باوەشی بۆ بابەتێکی ئاینی کردۆتەوە:

"هەبوو نەبوو پاشایەک هەبوو، ئەو پاشایە چەند ساڵێک بوو فەرمانڕەوایی خۆی بە ئاگر و ئاسن پۆلاڕێژ کردبوو. ڕۆژێکیان لەژێر پەیکەرێکی گەورەی خۆیدا سەری بەسەر گۆچانەکەی دەستییەوە کردبوو لەجێوە مرد و لە شوێن خۆی ڕەق بووەوە. چەند ساڵێک بوو کەسێک

نەیدەوێرا لێی نزیک بکەوێتەوە بۆیەش دەسەڵاتداری هەر بەناوی ئەو بوو. وەک بڵێی تەلیسمی لە خەڵکەکە کردبێ ئەگینا لەسەریان دەدا..تا شارە مۆرانە بە گۆچانەکەیدا هەڵگەڕا و دارەکەی ڕزی و لاشەکەی کەوتە سەر زەوی. ئینجا زاتی ئەمەیان کرد کە بڵێن مردووە و ناویان لە لاپەڕەی مردووە ترسناکەکان تۆمارکرد. ئەوسا ڕەشوڕووت کردیان بە ئاهەنگ و کردیان بە جەژنی ڕزگاربوون" (ڕەشید، ٢٠٠٨: ١٧٥-١٧٦).

لەم دەقەدا نووسەر سوودی لە چیرۆکێکی ئاینی وەرگرتووە و خزاندۆتیە ناو دەقەکەی خۆی و ئەو دەقەی نووسەر لەناو دەقەکەی خۆیدا تواندۆتیەوە بریتییە لە چیرۆکی مردنی (حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر) کە لە قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتی(١٤)ی سورەتی(سبا)دا بە ڕوونی هاتووە: (فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِ إِلَّا دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُ ۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ)" (سبأ،١٤).

کاتێک سولەیمان پێغەمبەر دەمرێت بۆ ماوەی ساڵێک نە مرۆڤەکان و نە جنۆکەکان نازانن مردووە، تاوەکو مۆرانە عەساکەی دەخوات و دەکەوێتە سەر زەوی و ئەوسا هەردوو گرۆی مرۆڤ و جنۆکە دەزانن، کە سولەیمان مردووە.

نووسەر سەرنجی خوێنەر بۆ چیرۆکێکی لەم چەشنە ڕادەکێشێت، بەڵام گۆڕانکاری لە بونیادی چیرۆکەکە کردووە و ڕاستەوخۆ نەهاتووە سەدلەسەد شتەکانی ئەوێ دووبارەبکاتەوە، واتە لە ڕێگەی یاسای هەڵمژینەوە مامەڵەی لەگەڵ دەقەکە کردووە و بەهۆی میکانیزمی کورتکردنەوەوە دەقەکەی گواستۆتەوە و لەبری حەزرەتی سولەیمان هاتووە پاشایەکی زۆردار و خوێنڕێژی وەرگرتووە، کە ژێردەستەکانی بەهۆی جەور و ستەمەکانی لە ژیانێکی ئەوپەڕی ناخۆشیدان و تەنانەت لە کاتی مردنیشیدا کەس ناوێرێت لێی نزیک بکەوێتەوە و باوەڕ بەوە

ناکەن، کە ستەمکارێکی لەم چەشنە مردبێ، بەڵام دوای ماوەیەک، کە مۆرانە گۆچانەکەی کلۆردەکات و دەکەوێتە سەر زەوی ئەوسا دەزانن مردووە و دەیکەن بە خۆشی و جەژن. نووسەر لەمەدا سوودی لە هاوشێوەیی چیرۆکی مەرگی سولەیمان پێغەمبەر وەرگرتووە، هەروەک سوودی لە شارەزایی و باڵادەستیی سولەیمان وەرگرتووە بەوەی کە ئاگای لە جیهانی مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە هەبووە و هەموویان لەژێر فرمان و دەسەڵاتی ئەودا بوون، ئەوەی سولەیمان و کارەکتەری چیرۆکەکە لێکجیادەکاتەوە بەخشندەیی سولەیمان و دیکتاتۆریەتیی سەرۆکەکەیە، کە دژ و پێچەوانەی یەکترن. بە واتایەکی دیکە، لە چیرۆکە ئاینییەکەدا سولەیمان دادپەروەر و چاکەکارە و ئەو هێزەی، کە هەیەتی لەو پێناوەدا بەکاریدەهێنێت، بە پێچەوانەی، ئەمەوە دیکتاتۆرەکە ئەو هێز و توانا و تەلیسمەی هەیەتی لەپێناوی سەرکوتکاری و چەوسانەوە بەکاریدەهێنێت. نووسەر بۆ خۆدزینەوە لە سانسۆری سیاسی سوودی لە چیرۆکێکی لەم چەشنە وەرگرتووە تا پێیان بڵێت مەبەستی من دیکتاتۆرەکانی ئەم سەردەمە نین، بەڵکو ئەو کەسەی من باسی دەکەم لەناو مێژوویێکی کۆندایە و لەمەشدا نووسەر شارەزایانە هەڵسوکەوتی کردووە و لە دەسپێکدا دەستەواژەی (هەبوو نەبوو)ی هێناوە وەکو دەلالەتێک بۆ ئەوەی، کە ئەو شتەی باسیدەکات کۆنە و هی ئەو سەردەمە نییە، بەڵام خوێنەر کاتێک دەگات بە کۆتایی و لە چیرۆکەکە دەچێتە دەرەوە و سەیری چیرۆکە ئاینییەکە دەکات بۆی دەردەکەوێت، کە مەبەستی نووسەر سولەیمان پێغەمبەر نییە، بەڵکو مەبەستی دیکتاتۆرەکانی ئەم سەردەمەیە.

لە کورتیلەچیرۆکی (پیغەمبەرێکی دی)ی (تێکۆشەر خالید)دا بە هەمان شێوە نووسەر سوودی لە چیرۆکێکی ئاینی وەرگرتووە و ئەمەشی بەپێی میکانیزمی کورتکردنەوە و لە ڕێگەی یاسای گفتوگۆکردنەوە ئەنجامداوە تاوەکو دەقەکە لە ڕووی ناوەرۆک و واتاوە دەوڵەمەندبکات:

"پیرەکە منداڵەکەی بردە چۆڵەوانی و چەقۆکەی لەسەر ملی دانا. نە گریانی منداڵەکە و نە نزای باوکەکە، نەبوونە هۆی ئەوەی خودا بەرانێک بۆ خێزانە هەژارەکە بنێرێت."(خالید،٢٠١٣: ٤٢).

لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (الصافات) ئاماژە بە چیرۆکی سەربڕینی حەزرەتی ئیسماعیل لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوە کراوە:

**"**فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانْظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ (١٠٢) فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ (١٠٣) وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ (١٠٤) قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (١٠٥) إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ (١٠٦) وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ**"** (١٠٧).(الصافات،١٠٢-١٠٧).

نووسەر سوودی لەم چیرۆکە وەرگرتووە و تێکهەڵکێشی ڕووداوی چیرۆکەکەی کردووە، بەڵام وەستاکاری و دەستڕەنگینی لەگەڵدا نواندووە و نەهاتووە ڕاستەوخۆ چیرۆکەکە وەکو خۆی باسبکاتەوە، واتە چیرۆکەکەی نەجویتەوە، بەڵکو جۆرە مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵدا کردووە و هەوڵیداوە جۆرە واتایەکی نوێی پێببەخشێت، ئەگەر لە چیرۆکە قورئانییەکە خودای مەزن لە بەرانبەر ئەو کارەی پێغەمبەر ئیبراهیم بەرانێک دەنێرێت و کوڕەکەی ڕزگاردەکات لە سەربڕین، ئەوا لە چیرۆکە نوێکەدا ئەم جۆرە بەخششە نابینرێت و نووسەر لەمەدا زیاتر مەبەستی نیشاندانی هەژاری و برسێتیی مرۆڤی سەردەمە، ئەگەر لە چیرۆکە قورئانییەکەدا ناردنی بەرانەکە ببێتە جێگرەوەیەک بۆ کەسەکە، ئەوا لای نووسەر بەران دەبێتە ئاماژەیەک بۆ نەهێشتنی برسێتی و هەژاری و بەم کردەوەیەش نووسەر هەمان واتای دەقە وەرگیراوەکە ناگوازێتەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا واتاکە پێچەوانە دەکاتەوە، واتە نووسەر لە ڕێگەی یاسای گفتوگۆکردن (الحوار)ەوە هەوڵدەدات ڕێسا و پیرۆزییەکانی دەقی سەرچاوە بشکێنێت، ڕاستە هەردوو ڕووداوەکە هاوشێوەن، بەڵام واتایان جیاوازە و لە یەکەمیان خواستی قوربانیدەر بەدیدێت و خودای دلۆڤان

بەهانایەوە دێت، بەڵام لە دووەمدا قوربانی و قوربانیدەر خۆزگە و ئاواتەکانیان هیچی لێ سەوزنابێت.

لە ڕێگەی ئەو گۆڕانکارییەی لە دەقەکە ئەسڵییەکەدا کراوە زیادەیەکی واتایی خراوەتەسەر کورتیلەچیرۆکەکە و خوێنەریش کاتێک ناونیشانەکە لەگەڵ ڕستەکانی ناو دەقەکە لێکدەداتەوە پەی بەوە دەبات، کە نووسەر بە مەبەست ئەو جۆرە دەقئاوێزانەی کردووە لەپێناو بەراوردکردنی دوو هەڵوێست و ڕووداوی هاوشێوە، کە دوو ئەنجامی جیاوازیان هەیە. بە واتایەکی دیکە، نووسەر ڕووداوێکی دەرەکی بە ڕووداوی سەرەکیی چیرۆکەکەی دەبەستێتەوە، کە هاوشێوەن و بەمەش خوێنەر دەباتە دەرەوەی دەقەکە و خوێنەریش بە چوونەدەرەوە زۆر بە ڕوونی ئەنجامی چیرۆکەکەی بۆ دەردەکەوێت. دەقئاوێزانیکی لەم چەشنە جۆرە چڕکردنەوەیەکی باڵای بە دەقەکە بەخشیوە و نووسەر لە ڕێگەی هێنانی بونیادێکی هاوشێوەوە هەوڵیداوە دەقەکەی بە ڕووی ڕاڤە جیاوازەکان ئاوەڵابکات و دەرفەتێک بە خوێنەر بدات لە دەقەکە بچێتەدەرەوە.

*کورتیلەچیرۆکی (نوح)ی (هێمن)بەرزنجی نموونەیەکی دیکەی دەقئاوێزانی ئاینییە:*

"ئەو کاتەی نوح خەریکی دروستکردنی کەشتیەکە بوو، خەڵکانی دیکە لە خۆشی و ساتی ڕابواردندا بوون، هەموو دەیانگوت: نوح گوناهە، ئەو هەژارە خۆی بێبەشکردووە لە ڕابواردن، بەڵام نوح لەناو کەشتیەکەوە بۆ مەرگی ئەوان دەگریا، کە شتێکیان نەکرد بۆ بەردەوامبوونی ڕابواردنەکەیان." (بەرزنجی،٢٠١٥: ٢٩)

لەم کورتیلەچیرۆکەدا نووسەر دەقئاوێزانەکەی لە دوو ڕووەوە کردووە. یەکەمیان ناونیشانە، کە بە ناوی کارەکتەرێکی ئاینییەوەیە و ئەم کەسایەتییە لەناو کتێبە ئاینییەکان و بە تایبەتیش لەناو دەقەکانی قورئانی

پیرۆزدا ئامادەیی هەیە و بە یەکێک لە پێغەمبەرەکان دانراوە. دووەمیان دەقئاوێزانی ناوەرۆکە، کە نووسەر هاتووە سوودی لە بەسەرهاتی حەزرەتی نوح وەرگرتووە کاتێک خوا فرمانی پێدەکا ئامۆژگاریی گەلەکەی بکات بەوەی واز لە ڕابواردن بێنن، هەروەها پێیڕادەگەیەنێت کەشتییەک بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ و بوونەوەران دروستبکات و ئەمەش لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا باسی لێوەکراوە بە تایبەت لە سوڕەتی (هود) بە وردەکارییەوە هاتووە: (وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا إِنَّهُمْ مُغْرَقُونَ (٣٧) وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِنْ قَوْمِهِ سَخِرُوا مِنْهُ قَالَ إِنْ تَسْخَرُوا مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنْكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ (٣٨) فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُقِيمٌ (٣٩) حَتَّى إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ (٤٠) وَقَالَ ارْكَبُوا فِيهَا بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَحِيمٌ (٤١) وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَا بُنَيَّ ارْكَبْ مَعَنَا وَلَا تَكُنْ مَعَ الْكَافِرِينَ (٤٢) قَالَ سَآوِي إِلَى جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاءِ قَالَ لَا عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِلَّا مَنْ رَحِمَ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ (٤٣).(هود:٣٧-٤٣).

نووسەر ڕاستەوخۆ بابەتەکەی گواستۆتەوە ناو دەقەکەی و بە شێوەیەکی ئاشکرا بە خوێنەری نیشانداوە و ئەوەش نزمترین جۆری شیعریەتی دەقئاوێزانە و بە یاسای جوینەوە دێتەکایەوە و پەرۆشییەکی وای بۆ خوێنەر دروستنەکردووە، چونکە خوێنەر لە ڕێگەی باسکردنەوە زۆرینەی بەسەرهاتەکانی چیرۆکەکەی پێدراوە و دەرفەتی ئەوەی پێنەدراوە بچێتە دەرەوەی دەقەکە، جگە لەمەش نووسەر نەیتوانیوە هیچ زیادەیەک بخاتە سەر ئەو چیرۆکەی، کە وەریگرتووە و بگرە ناوی کارەکتەرەکەشی لێوەرگرتووە و ئەمەش جۆرێک لە قەتیسکردنی خوێنەرە و کوشتنی پەرۆشییەتی، چونکە لەبری ئەوەی بە ئاماژەیەکی کورت و خێرا سەرقاڵییەک بۆ خوێنەر دروستبکرێت و بەرەو بەدواداچوونی پاشماوەی شتەکان دنەی بدرێت هەمان ئەو شتانەی پێدەدرێتەوە، کە

دەیزانێ، نەوەک ئاسۆی چاوەڕوانی تێکبشکێنرێت و تووشی گەڕانەوە و ڕامان ببێت.

له کورتیلەچیرۆکی (یوسفی کۆڵانەکەی ئێمە)ی (فەرهاد مستەفا)دا هەمدیسان سوود لە دەقئاوێزانی ئاینی وەرگیراوە و لە ڕێگەی یاسای گفتوگۆکردنەوە نووسەر هەوڵیداوە پیرۆزییەکانی دەقی سەرچاوە بشکێنێت و بە میکانیزمێکی وەکو کورتکردنەوە دەقی سەرچاوە بزێنێتە ناو دەقەکەی تاوەکو لە ڕووی واتاییەوە پیت و فەڕ بۆ دەقەکەی دەستەبەربکات:

"یوسف بەرەبەیان خۆی گەیاندە کن باوکی، پێی وت،"ئەمشەو لە خەونمدا یازدە ئەندامی پەرلەمان و وەزیرێک، کڕنووشیان بۆ دەبردم."

باوکی وتی،"کوڕی خۆم، خەونەکەت بۆ براکانت مەگێڕەرەوە...با تووشی گرتن و سزادان نەبیت و بە سیخوڕ لەقەڵەمنەدرێیت."(مستەفا،٢٠١٥: ٩٠).

لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (یوسف)دا ئەوە هاتووە:( إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ (٤) قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ (٥)(یوسف:٤-٥).

یوسفی پەیامبەر خەوندەبینێت و لە خەونەکەیدا یازدە ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ کڕنووشی بۆ دەبەن و ئەویش خەونەکەی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە و باوکیشی پێیدەڵێت ئەم خەونە بۆ براکانت مەگێڕەوە، نەوەک تووشی بەڵایەکت بکەن و بەگوێی شەیتان بکەن، بە ڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای مرۆڤە. ئەم چیرۆکە لەم دەقەی فەرهاد مستەفادا سوودی لێوەرگیراوە و بەکارهێنراوەتەوە، بەڵام سوودوەرگرتنەکە بەم چەشنە نییە، کە نووسەر ڕاستەوخۆ هاتبێت هەموو

شتەکان دووبارەبکاتەوە بەبێ هیچ زیادەخستنەسەرێک، بە پێچەوانەوە نووسەر هەوڵیداوە جۆرە واتایەکی نوێ بە دەقەکەی ببەخشێت، ڕاستە چوارچێوەی دەقە ئاینییەکەی وەرگرتووە و ناوی کارەکتەرە سەرەکییەکەشی لەو وەرگرتووە، بەڵام لە ڕێگەی یاسای گفتوگۆکردنەوە مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵ ڕووداوەکەدا کردووە و خاڵی ئەرێنیی نووسەر لە دەقئاوێزانێکی لەم چەشنە لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەوڵیداوە بە شێوەیەکی زۆر بوێرانە بابەتێکی مەترسیدار بخاتەڕوو و لەمەشدا سوودوەرگرتن لە دەقە کۆنەکە یارمەتیداوە تا ئەو واتایەی لە هزریدایە دەربببڕێت، ئەمەش لەڕێی ئەو دەسکاریکرنەوە دەردەکەوێت، کە نووسەر لە دەقە سەرەکییەکەدا کردوویەتی، یوسفی ناو کورتیلەچیرۆکەکە لەگەڵ ئەوەی هاوناوی یوسفی پەیامبەرە، بەڵام لە کردەوە و سەردەمدا لێکدادەبڕێن، ئەم یوسفەی ئێرە یوسفێکی ڕۆشنبیر و سەردەمیانەیە، تاکێکە حەسرەت بۆ بارودۆخی وڵاتەکەی دەخوات و هۆشیارە بەوەی، کە خەریکە دەسەڵاتداران چی بەسەر گەلێکی ناهۆشیار دەهێنن.

نووسەر لەڕێی ئەم دەقئاوێزانەوە گەمەیەکی هونەرییانەی جوانی کردووە بەوەی براکانی ناو چیرۆکەکەی بە براکانی یوسفی ڕاستەقینە چواندووە لەو ڕووەوەی، کە هەردوو لایەنیان کەسانی ڕقلەدڵ و ناهۆشیارن، هەروەک پاکێتی و خەمخۆریی یوسفی بە یوسفی ڕاستەقینە چواندووە و دەسەڵاتیشی بە شەیتان چواندووە، کە لەڕێی بەکرێگیراوەکانیەوە دەتوانێت هەموو شت بەسەر کەسە هۆشیار و ڕاستگۆکان بهێنێت، جگە لەمە لەم دەقەدا نووسەر بەشێک لە دەقی وەرگیراو دەسڕێتەوە و باوک وەکو کڕنۆشبەر نیشاننادات، بەڵکو تەنیا وەکو ئامۆژگاریکارێک بەرجەستەی دەکات و ئەو کارەکتەرەی دیکەش، کە لە دەقە ئاینییەکەدا وەکو مانگ وێنەی کێشراوە لێرەدا دەبێتە وەزیرێکی بوختانکەر بێگومان لەوەشدا سوود لە رابردووی کارەکتەرە

ئاینییەکە وەرگیراوە، کە ئەویش ڕۆژگارێک بوختان بە یوسف دەکات و دەیخاتە بەندیخانەوە.

شیاوی ئاماژەکردنە نووسەر لەڕێ سوودوەرگرتن لە ئاوەڵاکردنی دەقەکەی بە ڕووی دەقێکی ئاینی لەلایەک توانیویەتی بوار بۆ فرە خوێندنەوە و ڕاڤەکاری برەخسێنێت و دالەکان بە مەدلوولی نوێوە دەوڵەمەند بکات و ئەمەش باری شیعریەتی چڕکردنەوەی دەقەکەی قورستر کردووە، لەلایەکیترەوە خۆی لە سانسۆر دوورخستۆتەوە و بابەتێکی هەنووکەیی و سەردەمیانەی لەڕێی دەقێکی کۆنەوە نیشانداوە و لە ڕێگەی دەقەکەیەوە برینی چەند ساڵەی مرۆڤی کولاندۆتەوە و ئەوەش لە چیرۆکدا بوێرییە و بوێریش بە دیوێکی درەوشاوەی کورتیلەچیرۆک دادەنرێت و پەیامی نووسەر کاریگەرتر دەکات.

لە کورتیلەچیرۆکی (بەهەشت)ی (قانع خورشید)دا هەمدیسان سوود لە دەقێکی ئاینی وەرگیراوە:

"خەوتبووم، لە خەومدا چووبوومە بەهەشت. بۆنێکی یەکجار دڵڕفێن، دیمەنێکی بێحەد دڵگر، ئاوی زوڵاڵ، ئاسمانی ساف، چریکەی بولبول، شنەی فێنک... نەمدەزانی بە چی گەیشتووم بەم مەقامە؟!

لە دەنگی بانگی سپێدەدا لە خەو ڕابووم، تەماشام کرد جێخەوەکەی لە خوار دۆشەگەکەی دایکمەوە ڕاخراوە، سەرم لەژێر پێیەکانی ئەو دانابوو." (خورشید، ٢٠٢١: ٧١).

نووسەر لەم دەقەیدا پەنای بۆ دەقێکی ئاینی ناسراو و بەربڵاو بردووە، کە لای هەر تاکێکی موسوڵماندا ئامادەیی هەیە، ئەویش فەرموودەی (بەهەشت لەژێر پێی دایکانە)ی (پێغەمبەری ئیسلامە (د.خ) بە جۆرێک کاتێک خوێنەر دەقەکە تەواودەکات ڕاستەخۆ لە مەبەستی

نووسەر دەگات و دەگەڕێتەوە بۆ فەرموودەکە و دەزانێت نووسەر سوودی لێوەرگرتووە، بەڵام نووسەر نایەت تەنیا دەقەکە وەکو خۆی دووبارەبکاتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی کۆمەڵێک وەسفی سەرنجڕاکێشەوە وردەکارییەکی زۆری بۆ فەراهەمدەکات و زیاتر دەیڕازێنێتەوە و فراوانیدەکات، جگە لەمەش نووسەر لەڕێی خەونەوە ڕووداوە سەرەکییەکە پەردەپۆش دەکات و خوێنەر دەخاتە ناو دونیایەکی فانتازیی جوان و ڕاپۆرتئاسا پەیامەکەی نانێرێت و خوێنەر وا هەستدەکات ئەوەی نووسەر دەیگێڕێتەوە خەونێک زیاتر نییە، بەڵام دوای بەئاگاهاتنەوە و ئاوەڵاکردنی دەقەکەی بە ڕووی دەقە ئاینییەکە تێدەگات، ئەو خەونەی، کە نووسەر باسی لێوە دەکات خەونێکە چەند خەیاڵاتی تێدایە هێندەش لە ڕاستییەوە نزیکە و لەلای هەموومان ئامادەیی هەیە و لە پەیامی سەرەکیی چیرۆکەکەش تێدەگات، کە خۆشەویستی دایکە زیاتر لەوەی، کە بەهەشت بێت. دەقئاوێزانێکی وەها بووەتە هۆی سەنگینکردنی دەقەکە و کاریگەرتر کردنی پەیامەکەی، چونکە نووسەر وەکو سوودوەرگرتن لە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو، دواجار ئەو دەقە دەهێنێتەوە، کە سوودی لێوەرگرتووە و هەڵیمژیوە بەمەش جەخت لەسەر کۆی وتە و ڕستەکانی پێشووی دەکاتەوە.

جگە لەوانەی باسکران نووسەر هەندێجار ڕاستەوخۆ دەقئاوێزان لەگەڵ دەقێک دەکات و ناوی دەهێنێت، جا بە هێنانی ناوەرۆکی دەقەکە بێت، یاخود بە ئاماژەدان بە دەقەکە هەوڵدەدات لەو ڕێیەوە بمانباتەوە بۆ ناو دەقە ئەسڵییە وەرگیراوەکە. کورتیلەچیرۆکی (مرۆڤ)ی (جەبار سابیر) نموونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە دەقئاوێزانەیە:

"هەمینگوای لە ڕۆمانی پیرەمێرد و زەریادا هەموو هەوڵی بۆ وتنی تاقە ڕستەیەکە:" مرۆڤ نابێت کۆڵ بدات" پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە دوای ئەوەی ماسییەکی گەورە ڕاو دەکات و لەگەڕانەوەدا بۆ ڕۆخی دەریا، تەنیا

پەیکەرە ئێسکەکەی دەمێنێتەوە، دەڵێ:( دیسان دەچمەوە دەریا.)بەردەوام دەبم و کۆڵ نادەم، کەچی هەمینگوانی ڕاستەقینە خۆی پەیڕەوی ئەم ڕستەیەی خۆی نەکرد و لە ململانێی ژیاندا شکستی هێنا و لە دووەم هەوڵی خۆکوشتندا سەرکەوتوو بوو و مرد.)(سابیر،٢٠١٤: ٢٨).

نووسەر لەم دەقەدا لەڕێی میکانیزمی کورتکردنەوە بیرۆکەی یەکێک لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی جیهانی هێناوە و لە دووتوێی چەند ڕستەیەکدا پێشکەشی خوێنەری کردووە و ئەوەی نەشاردۆتەوە، کە سوودی لە دەقەکە وەرگرتووە، چونکە هەم ئاماژەی بە ناوی دەقەکە و هەمیش ناوی نووسەرەکە و هەمیش پەیامی سەرەکیی دەقەکە کردووە و بەمەش خوێنەر لەدوای خوێندنەوەی کورتیلەچیرۆکەکە شەپۆلەکانی هزری بەرەو ڕۆمانی پیرەمێرد و زەریای دەبەن.

نووسەر ئەو بیرۆکە و شتە وەرگیراوانە لە خزمەت بیرۆکەی سەرەکیی چیرۆکەکەی بەکاردەبات بۆ نیشاندانی دژێتیی نێوان جیهانی ڕاستەقینەی ناو ڕۆمانی پیرەمێرد و دەریا و جیهانی واقیعی نووسەرەکەی، کە دواجار خۆی دەکوژێت و بیرۆکەی ناو ڕۆمانەکەی خۆی پێچەوانەدەکاتەوە. دەقئاوێزانێکی وەها وا لە خوێنەر دەکات بەراوردی نێوان وتراو و کردار بکات و دژێتیی ئەم دوانەی بۆ دەربکەوێت، هەروەک هەست بەو پێچەوانەکردنەوە بکات، کە نووسەر مەبەستی بووە لە ئاماژەدان بەو دەقە پێی ڕابگەیەنێت، چونکە دواجار بیرۆکەی سەرەکیی کورتیلەچیرۆکەکە دژاودژ دەوەستێت لەگەڵ بیرۆکەی سەرەکیی ئەو ڕۆمانەی، کە سوودی لێوەرگرتووە و نووسەر لەڕێی ئەمەوە زیادەیەک دەخاتە سەر کۆی دەقە و ئەو شتانە باسدەکات، کە ڕۆمانەکە باسی نەکردوون. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر ڕۆمانەکە دیوی ئەرێنیانەی کۆڵنەدان و ململانێی بەردەوامی مرۆڤی لەگەڵ سروشت و دنیای واقیعدا بەرجەستەکردبێت، ئەوا کورتیلەچیرۆکەکە دێت ئەو پارچەیە

تەواودەكات، كە ڕۆماننوس خۆی لێبواردووە، ئەویش شكست و لەناوچوونی مرۆڤە لە بەرانبەر هێز و تینی سروشت.

(سابیر ڕەشید)یش لە كورتیلەچیرۆكی (ئاوێنە)ی ژمارە حەڤدەدا كارێكی لەم شێوەیەی كردووە:

"كورتترین چیرۆكی كوردی تا ئێستا خویندبمەوە ئەوە بوو(دایە گیان خواحافیز)منیش دەمەوێ لەو برادەرە كورتتر بنووسم، بۆیە دەبێ بڵێم(دایە)یان بڵێم(خواحافیز)یان(بای بای)،بەدڵم نەبوو بۆیە بیرۆكەیەكم بۆ هات كە بڵێم:(دایەگیان خواحافیز،بەڵام بۆ هەندەران)كە سەیرمكرد لە چیرۆكەكەی ئەو برادەرە درێژتر بوو، بۆیە بڕیارمدا هەر لەم ڕستەیە سەرەتای پیتەكان هەڵبژێرم، ئەوسا چیرۆكەكەم بەم شێوەیە دەبێت(د.خ.ب.ه)ئیتر نازانم خوێنەران ئەم مۆدیلە چیرۆكەم لێ وەردەگرن یان نا؟ ڕەخنەگرا حیسابی وردترین چیرۆكی كوردیم بۆ دەكەن یان نا؟

تێبینی: ئەگەر كرا وێنەی فڕۆكە و كوردێكی سەربەشەپقەم بۆ بكەن بە ناونیشانی چیرۆكەكە و ئاوێنەكەی بازاڕی شێخەڵاش لەسەر سەری بێ و بای بای لێ بكات بۆ هەندەران."(ڕەشید،٢٠٠٨: ١٧٢).

نووسەر لە دەقەكەی خۆیدا كورتیلەچیرۆكێكی وەرگرتووە، كە هی (ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی)یە و لە ساڵی ١٩٨٠دا نووسراوە و لە كۆمەڵە چیرۆكی (چاوە ماندووەكان) لە ساڵی ١٩٨٥دا بڵاوكراوەتەوە (بڕوانە: بەرزنجی، ١٩٨٥: ٧٣). و ئەم چیرۆكەی ئاوێزانی دەقەكەی خۆی كردووە، بەڵام بە دیوێكی هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵدا كردووە و ناوی نووسەرەكەی نەهێناوە، ئینجا لە ڕێگەی میكانیزمی ڕاكێشان و درێژكردنەوەوە هاتووە پتر قسەی لەسەر بیرۆكەكە كردووە و هەوڵیداوە شێوە و دیمەنی جیاواز بە دەقەكە ببەخشێت و زیادەیەك بخاتە سەر دەقەكە. لەلایەك، دەیەوێت خوێنەر بوروژێنێت بۆ ڕاڤەی جۆراوجۆر

بەوەی، کە خۆی یەکێک لە واتاکان ئاشکرا دەکات کاتێک زیادەی "بەڵام بۆ هەندەران" دەخاتە پاڵ وشەکانی دیکە خوێنەر هاندەدات، کە ئەویش ئەو زیادەیەی بە مێشکیدا گوزەردەکات، بیخاتە سەر دەقەکە، ئەمەش دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ فرەخوێندنەوەی دەقەکە و هەر خوێنەرێک بەو مەعریفەیەی، کە هەیەتی و بەو ئیحایەی، کە وشەکان دروستیدەکەن زیادەیەک دەخاتە دوای وشە گوتراوەکان. لەلایەکیتر، لەڕێگەی کورتکردنەوە و وەرگرتنی پیتی سەرەتای وشەکانەوە هەوڵدەدات جۆرە جیاوازییەک لە نێوان دەقەکەی خۆی و دەقەکە وەرگیراوەکە بهێنێتەئاراوە و بە خوێنەر بڵێت کارەکتەر و ڕووداوی ناو چیرۆکەکەی من دووبارەکردنەوەی هەمان ڕووداو و کارەکتەری دەقە وەرگیراوەکە نییە، بەڵکو دەسکاریکراوە و لە زەمەنی ئێستادا دەژیت و شتەکەی بەسەر دێت. بۆ سەلماندنی زیاتری ئەمەش لە کۆتایی چیرۆکەکەدا خوێنەر سەرپشکدەکات لەوەی، کە ناونیشانێکی جیاواز و ئەدگار و ڕووکارێکی جیا بۆ کارەکتەرەکە بکێشێت، چونکە لەو دەقەکەی کە وەریگرتووە ناونیشان نییە و هیچ جۆرە وەسفێکی دەرەکیی کارەکتەریش نابیندرێت و ڕووداویش تا ڕاددەیەکی زۆر ئاڵۆز و نادیارە، لەم بارەشدا نووسەر سوودی لە میکانیزمی کورتکردنەوە بینیوە بۆ زێدەترکردنی چڕکردنەوەی دەقەکە و بارکردنی واتایەکی زیاتر بەسەر وشەکان.

یەکێکی دیکە لەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی، کە چیرۆکنووس دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت بابەتەکانی ناو ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆرە بە تایبەتیش چیرۆک و حیکایەتە بەناوبانگەکان کەرەسەیەکی باشن بۆ ئەوەی نووسەر بۆیان بگەڕێتەوە، چونکە هەڵگری دەلالەتێکی قووڵ و بابەتگەلێکی فرەڕەهەندن.

لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا ئەم لایەنە ئاوڕی لێدراوەتەوە و چیرۆکنووسانی کورد هەوڵیانداوە لە دوتوێی کورتیلەچیرۆکەکانیاندا

سوود له بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان وەربگرن. نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە دەقئاوێزانە لە کورتیلەچیرۆکی (ئەفسانە)ی (هیمداد حوسێن)دا بەرچاودەکەوێت، کە نووسەر بە یاسای هەڵمژین مامەڵەی لەگەڵ دەقەکەدا کردووە و توانیویەتی لە ڕێگەی میکانیزمی کورتکردنەوەوە دەقەکە بگوازێتەوە ناو دەقەکەی خۆی:

-"ئەحمەد بێسوودە هەوڵت، من بۆ تۆ نابم، گەر ئەو داواکارییەم بەجێ نەهێنی!

+ئاخر گوڵەخان هیچ بنەگوڵێک نییە، گوڵی زەرد و سوور بەیەکەوە بگرێ، هەر دەبێ یەکێکیان بێ!

-نە،برۆ لای شای پەرییان، تۆوی ئەو گوڵەم بۆ بێنە.

(ئەحمەد)دوو داوە مووان دەسوتێنێ، لەبەردەم شای پەرییان ئامادە دەبێ، لە گەڕانەوەیدا چل دێوان دەکوژێ، ئینجا تۆوی ئەو بنە گوڵە دێنێ. کە دەگەڕێتەوە(گوڵەخان)دەمێکە شووی کردووە."(حوسێن،١٩٨٨: ٩١)

نووسەر سوودی لە حیکایەتی فۆلکلۆری (ئەحمەد و گوڵەخان) وەرگرتووە و ناوی کەسایەتییەکانی لەو حیکایەتە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە، جگە لەمەش هەوڵیداوە هەمان میکانیزمی جادوویی وەربگرێت بۆ بونیاتنانی چیرۆکەکەی، چونکە لە حیکایەتە فۆلکلۆرییەکەدا ئەحمەد بۆ بەدەستهێنانی گوڵەخان هەموو شتێک دەکات و خاوەن توانایەکی سەرسوڕێنەرە و چل دێو دەکوژێ و براکانی ڕزگاردەکات، دواتر دێتەوە گوڵەخان دەخوازێ، لەم کورتیلەچیرۆکەشدا بەهەمان شێوە گوڵە داوا لە ئەحمەد دەکات بنەگوڵێکی بۆ بێنێ، کە گوڵی سوور و زەرد پێکەوە بگرێ و ئەحمەدیش دەچێت بەدەم داواکەیەوە و چل دێو دەکوژێ و سەرەنجام تۆوی ئەم گوڵە دێنێت، بەڵام کە دێتەوە سەیردەکات دڵدارەکەی دەمێکە

شوویکردووە و ئەمەش ئاوەژووکردنەوەیەکی تەواوی حیکایەتە ئەفسانەییەکەیە و لێرەدا نووسەر سوود لە هێز و توانا سەیر و جادووییەکانی کارەکتەرە فۆلکلۆرییەکە وەردەگرێت، بەڵام بە چەشنێک کۆتایی بە چیرۆکەکە دەهێنێت، کە چاوەڕواننەکراوە و خوێنەر تووشی شۆکدەکات، چونکە خوێنەر بەپێی ئەو باکگراوەندە مەعریفییەی، کە هەیەتی و هەر لە سەرەتاوە دەزانێت، کە نووسەر دەقئاوێزانی لەگەڵ حیکایەتێکی فۆلکلۆری کردووە و ئەو چیرۆکەش بەلای خوێنەرەوە ئاشنایە و کۆتاییەکەی دەزانێت، کە بە دڵخۆشی و بەیەکگەیشتنی دوو دڵدارەکە کۆتاییپێدێت، بەڵام کاتێک کۆتایی ئەم چیرۆکە دەبینێت هەستدەکات نووسەر بەئەنقەست جۆرە هەڵگەڕانەوەیەکی دروستکردووە تا دەریبخات چیرۆکەکەی لە سەردەمێکی نوێدایە و هەر دووبارەکردنەوەی کۆنەکە نییە، ئەم جۆرە تێکەڵاوکردنەی چیرۆکەکانیش لەڕێی دەقئاوێزانەوە هاتۆتەکایەوە و لەمەدا نووسەر جگە لە دەوڵەمەندکردن و بەپیتکردنی دەقەکەی لەڕێگەی سەرچاوە کلتوورییەکان مەبەستێکی دیکەشی هەیە، ئەویش بەراوردکردنی دوو هەڵوێستە لە دوو زەمەنی جودادا و هێنانی چیرۆکە کۆنەکە بۆ ناواخنی چیرۆکە نوێکەش هەر لەپێناوی ئەمەدا بووە.

جگە لە فۆلکلۆر یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەی، کە نووسەری کورتیلەچیرۆک دەقئاوێزانی لەگەڵدا دەکات ئەو چیرۆکە خەیاڵییانەن، کە ناوبانگیکی جیهانییان هەیە و لای هەموو نەتەوەکان ناسراون و وەکو بەرهەمێکی جیهانییان لێهاتووە. نموونەیەک بۆ ئەم چەشنە دەقئاوێزانە کورتیلەچیرۆکی (فرۆزن)ی (فەرهاد مستەفا)یە، کە نووسەر لەڕێی گفتوگۆکردن لەگەڵ دەقەکە هاتووە بە شێوەی کورتکردنەوە کرۆکی دەقەکەی خستۆتە ناو دەقەکەی خۆی:

"قەبارە و شێوەی بووکەڵەکانی منداڵەکە جیاواز بوون، تەقەللای ئەوە بوو تەواوی بووکەڵەکان لەسەر قاچەکانیان بوەستن، هێشتا سەرجەمیان ڕانەوەستێنرابوون، بووکەڵە قژسەوزەکە بەلای ڕاستدا کەوت، بوکەڵەکەی تەنیشتیشی، ئەوی دیکەش، بەتەنێ فرۆزن ڕاوەستابوو، کە کەوتبووە دیوی چەپی بووکەڵە قژسەوزەکە.

فرۆزنی بەپشتدا خست، تەواوی بووکەڵەکانی لەمدیو و ئەودیوی فرۆزن پاڵ خست، وتی،"تۆ نابێ جادوگەر بیت، نابێت بەفر ببارێنیت، تۆ ماڵەکان پڕدەکەیت لە زوقم و سەهۆڵ، یەعنی نازانیت سەرمایان دەبێت؟ گوێت لێمە؟ئەم جارە بەفر بباریێنیت، ئە ئاوا چاوەکانت دەردەهێنم. بەدزی دایکیەوە چەقۆیەکی میوەی لە چەکمەجەکە دەرهێنا، کەوتە هەڵکۆڵینی چاوەکانی فرۆزن."(مستەفا،٢٠١٨: ١٠٣).

نووسەر لەم کورتیلەچیرۆکەدا سوودی لە چیرۆکی (شاژنی بەفر)ی نووسەری دانیمارکی (هانز کریستیان ئەندرسن) وەرگرتووە و ئەم چیرۆکەش ناوبانگێکی جیهانی هەیە و وەکو فیلمی ئەنیمەیشنیش لە واڵت دیزنی پێشکەشکراوە. نووسەر هاتووە ناونیشان و بیرۆکەی سەرەکیی چیرۆکە خەیاڵییەکەی وەرگرتووە و ئاخنیویەتییە ناو دەقەکەی خۆی و خوێنەر بە بینینی ئەم دیمەنە هەست بەو مامەڵە هونەرییە دەکات، کە نووسەرەکە بۆ بنیادنانی دەقەکەی کردوویەتی، بەڵام ئەم وەرگرتنە دووبارەکردنەوەیەکی دەقاودەق نییە، ڕاستە دەمانگەڕێنێتەوە سەر چیرۆکەکەی ئەندرسن، بەڵام لێرەدا نووسەر فرۆزنی وەکو بووکەڵەیەکی بەردەستی منداڵێک نیشانداوە و هەوڵی لەباربردنی ئەو جادوو و شتە سەرسوڕهێنەرانەی داوە، کە فرۆزنی ڕاستەقینە دەیکات و لە ڕاستیشدا کاروکردەوەکانی فرۆزن پێچەوانە دەکاتەوە، ئەگەر لەوێ فرۆزن ڕەمزی لەناوبردنی ستەمکار و خراپەیە، ئەوا فرۆزنی ئێرە وەکو ڕەمزێکی خراپە لێیدەڕوانێت و ئەمەش کار دەکاتە سەر پەیامی سەرەکیی

کورتیلەچیرۆکەکە، کە خۆی لە نیشاندانی باری سەختی مرۆڤی هەژار و کەمدەرامەت بەهۆی بارینی بەفرەوە دەبینێتەوە. ئەم جۆرە دەقئاوێزانە زیادەیەکی واتایی خستۆتەسەر دەقی کورتیلەچیرۆکەکە و وای لە دەقەکە کردووە ڕاڤەیەکی جیاواز لەخۆیبگرێت، جگە لەمەش بە گەڕاندنەوەی خوێنەر بۆ دەقێکی جیهانی ئاستی شیعریەتی دەقەکەی باڵاتر بردووە.

**ئەنجام:**

کورتیلەچیرۆکنووسانی کورد بۆ زێدەکردنی شیعریەتی دەقئاوێزان لەناو دەقەکانیاندا پەنایان بۆ سەرچاوەگەلی مەعریفیی فرەچەشن بردووە لەوانەش (ئاین، فۆلکلۆر، دەقگەلی ئەدەبی...).

زۆرترین ڕێژەی دەقئاوێزان، کە چیرۆکنووسانی پشتیان پێبەستبێت دەقئاوێزانی ئاینییە، ئینجا دواتر دەقئاوێزانی کلتووری.

شیعریەتی دەقئاوێزان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا بە چەندین ڕێگە و شێواز دەبینرێت و زۆرترین ڕێژەی جۆرەکانی دەقئاوێزان لەناو کورتیلەچیرۆکی کوردیدا لە ڕێگەی یاسای هەڵمژین و گفتوگۆکردنەوە هاتۆتەکایەوە و کەمترین ڕێژەش بە یاسای جوینەوە بووە.

نووسەران زیاتر لە ڕێگەی میکانیزمی کورتکردنەوەوە هەوڵیانداوە دەقە دەرەکییەکەکان بئاخننە ناو دەقەکانیان.

هەندێک لە نووسەری کورد بۆ پتەوترکردنی دەقەکانیان سوودیان لە بەرهەم و بابەتی ناو ئەدەبیاتی جیهانی وەرگرتووە و وەکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لەناو دەقەکانیاندا تواندوویەتییانەوە.

سەرەکیترین هۆکاری پەنابردنی بۆ دەقئاوێزان بریتییە لە چڕکردنەوە بە پلە یەک، ئینجا زێدەکردنی چێژی ئیستاتیکیی دەقەکان.

نووسەرانی کورتیلەچیرۆکی کوردی بە ڕاددەیەکی باش توانیویانە سەرکەوتوو بن لە بونیادنانی شیعریەتی دەقەکانیان لە ڕێگەی دەقئاوێزانەوە و لەم لایەنەوە هۆشیاری و ئاگادارییەکی باشیان هەبووە و توانیویانە بە قازانجی دەقەکانیان سوود لە دەقگەلی دیکە وەربگرن.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی

### قران الكريم


- Nelles, William(2012), what makes a very short story very short narrative journal, vol20, no1.

- البطاينة، جودى فارس(د)(٢٠١١) القصة القصيرة جدا، قراءة نقدية، مجلة التربية و العلم، مجلد١٨، عدد٣.

- الحسين، احمد جاسم(د)(٢٠١٠)القصة القصيرة جدا، مقاربة تحليلية، ط٢، دار التكوين للتأليف و الترجمة و النشر، دمشق.

- المناصرة،حسين(د)(٢٠١٥)القصة القصيرة جدا، رؤى و جماليات، ط١، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، الاردن.

- الياس، جاسم خلف(٢٠١٠)شعرية القصة القصيرة جدا، ط١، دار نينوي، دمشق.

- تودورف،تزفيطان(١٩٩٠)الشعرية، ت. شكرى المبخوت، رجاء بن السلامه، گ٢، دار توبقال للنشر، المغرب.

- تودورف، تزفيتان(١٩٨٦)نقد النقد، ت.سامى سويدان، ط٢، دار الشؤون الثقافية عامة، بغداد.

- عثمان،قصبة(٢٠١٦)شعرية القصة القصيرة جدا فى قصص(التنفس حلما)لحسين المناصرة، رسالة الماجستير،جامعة الشهيد حمة لخضر الوادى، الجزائر.

- عجاج، عباس(٢٠٢٠) حوارات العربية حول القصة القصيرة جداً، ط١، دار ادراك للنشر الكتروني.

- عزام، محمد(٢٠٠١)النص الغائب، تجليات التناص فی الشعر العربی، ط١، دار الكتاب العربی، دمشق.

- گلیزاده، مویدی، طاهری(١٣٩١)بررسی مینیمالیسم و بن مایەهای طنز در پرداخت داستانی، همایش ملی داستان پژوهی، دانشگاه ازاد اسلامی واحد تویسرکان.

- مفتاح، محمد(١٩٨٥)تحليل الخطاب الشعری(استراتیجیة التناص)، ط١، دار التنویر، بیروت.

- یاكوبسون،رومان(١٩٨٨)قضايا الشعرية،ت.محمد ولی و مبارك حنون، ط١، دار التوبقال للنشر، دار البيضاء.

### بە زمانی کوردی

- بەرزنجی، ڕەزا سەیدگوڵ(١٩٨٥)چاوە ماندووەکان، چ١، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغدا.

- بەرزنجی، هێمن(٢٠١٥)هاوسەری دووەمی کوژراوەکە، چ١، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.

- حوسێن، هیمداد(١٩٨٨)گوناه، چ١، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغدا.

- خالید، تێکۆشەر(٢٠١٣)بەڵێ هەڵەیەک ڕوویداوە، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- خورشید، قانع(٢٠٢١)گوڵبەهارێک لەم پاییزی عومرەمدا دەڕوێت، چ١، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.
- ڕەشید، سابیر(٢٠٠٨)پەیژەکانی تاریکی، چ١، ئاراس، هەولێر.
- سابیر، جەبار(٢٠١٤)چەند مینیماڵێک، گۆڤاری ڕامان، ژمارە٢٠٧، هەولێر.
- کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٢٠)کورتەچیرۆک و مەرجە هونەرییەکانی، و.سەنگەر زراری، چ١، دەزگای فام، هەولێر.
- مستەفا، فەرهاد(٢٠١٥)هەتا چاو بڕ بکات تاریکی، چ١، ئەندێشە، سلێمانی.
- مستەفا، فەرهاد(٢٠١٨)کەسێک لەباتیی هەموومان پێدەکەنێ، چ٢، ئەندێشە، سلێمانی.

**The Poetics of Intertextuality in Kurdish short-Short Stories**

This paper, entitled "the poetics of intertextuality in Kurdish short-Short Stories", was originally selected as a section in our doctoral thesis for publication that consists of an introduction and two main sub-sections and finally the results, achieved within the topic, have been presented.

The first section, which is the theoretical aspect, discusses intertextuality in general, while the second section, which is the cornerstone of the discussion, critical intertextuality has been practiced on Kurdish short-short stories in detail. In addition, both types of title intertextuality and core or intertextuality have been discussed through giving examples from the Central-Kurmanji Kurdish short-short stories by using the descriptive-analytical method.

Key words: (intertextuality, Kurdish literature, short-short story, poetics).